Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.21080319

# بنەما تیۆریی و بنچینەییەکانی دانانی سیاسەتی زمان

ئازاد عەزیز سلێمان
زانکۆی سەلاحەددین/کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی
یوسف شەریف سەعید
زانکۆی سەلاحەددین/ کۆلێجی زمان

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە پوختەی هەڵێنجراوی بەشێکە لە تێزی دکتۆرا بە ناونیشانی(سیاسەت و پلانی زمان لە ڕاگەیاندندا(کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستان بە نموونە).

لەم توێژینەوەیەدا، کە بە ناونیشانی(بنەما تیۆریی و بنچینەییەکانی دانانی سیاسەتی زمان)ە، تیشکمان خستۆتە سەر چەمکی سیاسەتی زمان و ئامانج و قۆناغەکانی دانانی سیاسەتی زمان، هەروەها تیۆر و ستراتێژیەتەکانی ئایدیۆلۆژیا جیاوازەکانی سیاسەتی زمان بەپێی سیستەمە سیاسیەکان شیکراونەتەوە، بەتایبەتی لە ڕووی دیاریکردنی پەیوەندی نێوان زمانەکان و کۆمەڵگە و پیادەکردنیان. بێگومان دەست تێوەردانی مرۆڤ لە زمان یاخود لە دۆخەکانی زمان شتێکی نوێ نییە، ئەمەش لەبەرئەوەی خەڵکان هەمیشە هەوڵیانداوە بۆ چاک بەکارهێنانی زمان و ڕەوانی زمان یاساگەلێک دابنێن یاخود دەست تێوەردان لە شێوەی زمان بکەن.

هەوڵمانداوە ئەو بنەما بنچینەیانە بخەینە ڕوو، کە ڕۆڵیان لە دارشتنی سیاسەتێکی زمانی سەرکەوتوو هەیە، کە چەند بنەمایەکی بنچینەیی هەن، کە شیاوی ئەوەن لێکۆڵەر و پسپۆڕانی سیاسەتی زمان گەنگەشەیان بکەن و لێیان تێبگەن جا چ بۆ دانان و بیناکردنی سیاسەتێکی زمانی نوێ بێت یاخود بۆ گەنگەشەکردن و شیکردنەوەی سیاسەتێکی زمانیی کە لە ئارادایە. لە ئەنجامدا ئەم بنەما بنچینەیانە لە چەند خاڵێکدا پوخت دەکەینەوە. لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا لستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی و ئینگلیزی خراوەتە ڕوو.

*Article Info*

Received: June , 2021
Accepted : July ,2021
Published :October ,2021

*Keywords*

سیاسەتی زمان، زمانی ستاندار ، پاراستنی زمان

*Corresponding Author*

